# پێرگەرایی ڕەخنەگر: ئەفراندنی گەندەڵی

هەندرێن
(سوێد)

هەندێک جار خوێندنەوەی کتێبێک، یان دەقێک سوودبەخشتر و چێژدارترە لە نووسین لە بارەیەوە. هاوکاتیش دەکرێ زۆر جاران پێوەندی لە نێوان ڕەخنەگر و کتێبدا بە پێچەوانەوە بێت. دەکرێ خوێندنەوەی کتێبێک بە قەد ڕەخنەگرتن لێی دژوار بێت، یان دەکرێ ڕەخنەگر کە مەبەستمان خوێنەری هۆشیاریشە، توانای تێگەیشتنی لە کتێبێکدا زیاتر بێت، لێ هاوکاتیش دەکرێ ڕاڤەکردنی ڕەخنەگر مەبەستی خودی نووسەری کتێبەکەش هەڵەتە بکا. لێرەوە گەمەکردن بە پەیڤ و چەمکەکان لە لایەن ڕەخنەگرەوە کارێکی مەترسیدارە، وەلێ هاوکاتیش دەکرێ ئەو یاریکردنە مایەی سەرنجڕاکێشانیش بێت، چونکە خودی پرۆسەی نووسین چەشنە دۆستایییەکە لەگەڵ وشە و ئاوەڵاکردنەوەی ڕەهەندە نادیارەکانی. لێ ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو یاریکردنە بێ دەست پێوەگرتنەی ڕەخنەگر لەگەڵ چەمکەکان و پەسنددانە جەڵەبییەکەی ببێتە سەرگێژکردنی خوێنەر. ڕەنگە ڕەخنەگر لەو یارییانەدا نەتوانێ ئەو مەبەستە بەرجەستە بکاتەوە کە نووسەر گەرەکیەتی.

لەو ڕوانگەیەوە نووسینی ڕەخنەیەک، یان کتێبێکی چاک لەسەر بابەتێک، یان دەقێک، دەبێ هەڵگری قورسایی، واتایەکی زیندوو بێت. خوێنەری وریا، خودان چێژ، بە جۆشەوە ئەو جۆرە ڕەخنە و کتێبەش دەخوێنێتەوە. مەبەستمان لە کتێبێکی چاکدا، لە یەکاتییەکدا هەڵگری بابەتێکی دڵفڕێن، ڕێنیشاندانی خوێنەرە بەرەو گەردوونێکی نادیاری وێناکراوی هونەری، چنینەوەی پێشهاتێکی ژیان و ڕەهەندە پەنهانەکانی مرۆڤ. هەروەک کتێبێکی خراپیش، بریتییە لە زمان،

شێواز، بابەتێکی بێتام، زارقەڵەباڵغی، پێوەنانێکی بێ بنەما لە وێناکردنی بابەتێکدا. بە کورتی کتێبێک کە هیچ ڕەسەنایەتییەکی تێدا نەبێ و بە زمانێکی لەرزۆک نووسرا بێت. هەڵبەتە ئێمە لە نووسینی کوردیدا ڕۆژانە ئەو تەرزە بۆچوونە دوژێن، جنێو ئامێزانە نەک هەر لە بارەی دەقی نووسەر و شاعیرە لاو و (نەناسراو)ەکاندا دەخوێنینەوە، بەڵکو لەمەڕ دەقەکانی نووسەر و شاعیرە (ناسراو)ەکانیش دەبیستین و دەخوێنینەوە.

لێرەوە ئەرکی (ڕەخنەگر)ی کوردی، (کە هەموومان بە گومانین لە ناسنامەکەی، لێ وەک گریمانەیەک وێنای دەکەین)، ئەوەیە نە هێندە لە ڕوانگەیەکی هەمەگیری، گۆترەییەوە بەرهەمی ئەو نووسەرانە داپڵۆسێ، کە بە مگێزی خۆی، یان هاوپێڕی خۆی نییە، نەک لە ئاستی داهێنانەوە کە کەیفی پێنایەت، نە ئەوەندەش بە هۆی دەروێشایەتی، هاوشاری و هاوپێڕییەوە، بە پێوەنانێکی مەیلکوژەوە بەرهەمەکانی بە (تاکە داهێنان)ی کوردی، بنرخێنێ. دیارە ئەو دوو شێوە لێکدژە، کرۆکی ئەو بەناو ڕەخنەسازییە کوردییە پێک دەهێنن. هەر بۆیە مرۆ بە دەگمەن ڕەخنەیەک لەسەر کتێبێک، شیعرێک، ڕۆمانێک، بەرهەمێکی هونەری دەخوێنێتەوە کە ناچاری بکا بە تاسەوە بیخوێنێتەوە، وەلێ هاوکاتیش ئێمە خوێنەر و نووسەرگەلێکمان هەیە کە شاگردێکی شەیدای ئەو دوو شێوە ڕەخنە دوژێن و پەسەنددەرەن.

ئەمەش چونکە هێشتا دەستاوێژ و کەڵکەڵەی ئەو ڕەخنەیە، لە سەلیقە و یەکلابینی و داخراوی ڕۆحی خێڵ و حزبییەوە خۆراک وەردەگرێ، بۆیە خوێنەر لەمدیو زۆرینەی ئەو ڕەخنەیەدا، مەیلی لایەنگیری و خودزاڵی، یان گشتگیری، سڕینەوە و دەڤەراندنی نووسەر دەناسێتەوە. لەوەش زیاتر، ئەو ڕەخنەگرانە وەک چەشنە هاڤڕکێیەک لەگەڵ یەکتردا، تەنیا سەرقاڵن بە گەرمکردنی ئەو شەڕە ڕەخنە لێکدژە، پیاهەڵدان و لێکترازاندنی پێوەندییە ڕۆشنبیری و ئەو نووسەرانەی، کە وەک دوو پێڕ، هەریەکە و لە دەڤەرێکدا باڵادەستی بە هەڕمێنن. لێ بە دەگمەن ئەو ڕەخنەگرە توانیویەتی دەنگێکی نادیاری نوێ، نووسەرێکی (نەناسراو) ئاشکرا بکا، یان لەسەر دەقێک بنووسێ کە جیاوازە لەو شێوازە باو و دەقگرتووەی ئەمڕۆ. ئەو قەتیسمانەی ڕەخنەگری کورد لەو سنوورە باوەدا هۆکردگەلێکی هەیە: بۆ نموونە، وێڕای ئەو فرچککگرتنە ڕەگئاژۆیەی ڕەخنەگر بە نەریتی خێڵ و ئاکار مێگەلییەی حزبایەتییەوە، کە بریتییە لە ئاوێزان بوون بە نەگۆڕی و پیرۆزاندنی چەند نووسەرێک، چڕکردنەوەی دەڤەرچییەتییەکی سیخناخ بە بوغزە. هاوکاتیش ئەو ڕەخنەگرە، بە هۆی پاشکۆیی بە ڕۆشنبیرییەکی دەڤەری و زمانی سێیەمەوە، هەڵگری ڕۆشنبیرییەکی بزۆک نییە. لەبۆیە سەرچاوە ماریفییەکانی دیاری کراوە و خولیای گەڕانیشی بە دوای کۆزانینی، ماریفەی نوێ و گەشەدان بە زانیارییەکانی کەم خایەنە. بە دیوێکی دیکەوە، ڕەخنەگری کوردی، وەک بواری سیاسیمان، بە ئاگاییەکی ڕەخنەییەوە ئیش لەسەر ئەزموونەکانی ڕابردووەوە ناکا، بەڵکو هەمان ناوکۆیی، نەریتە نەخۆشەکانی ئەو ئەزموونە نەریتگر و باوانەی ڕابردووە بەرهەم دەهێنێتەوە. بە دیوێکی دیکەشەوە، لە بری ئەوەی دیوە باشەکانی ئەو ئەزموونە ڕەخنەسازییەی ڕابردوو بە ڕوانگە نوێیەکانەوە بفراژێنێ، شەن و کەوی بکا، کەچی تەواو فەرامۆشی دەکا، یان بە جۆرێک ئەو پشتێنە ڕەخنەییە دەسڕێتەوە، وەک ئەوەی ژیانی ئەدەبی کوردی هەر ئێستا دەستی پێکرد بێت، هەر بۆیە زۆرێک لە ڕەخنەگر و نووسەرانی ئەمڕۆ دەخوازن بەوە ڕازیمان بکەن، کە ئەدیبانی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە (شاکار)یان بەرهەم هێناوە، نووسینەکانی ڕابردوو هیچیان (شاکار) نین. دیارە بۆ نەگبەتیمان کە کورد لە فەرامۆشکردنی یادەوەری زۆر زرینگە، بۆیە ئەمڕۆ بە دەگمەن نووسەرێک خوێندنەوەیەک، یان ئاوڕێک لە بوارە جودایەکانی ڕۆشنبیری ڕابردووە دەداتەوە، یان دەنووسێ. بەم جۆرە ئێمە لە جیاتی ئەوەی وەک کۆچەرێک لە هۆبە بە هۆبەی یادەوەری زمانەکەمانەوە بەرەو ئێرە و داهاتوو گەشت بکەین، کەچی خەریکی تالانکردنی ئەو یادەوەرییەین.

لە ئاکامی ئەوەدا، ئەو ژیانە ڕۆشنبیرییەی کە ئەو ڕەخنەگرە تێیدا دەژی، بە مشەخۆریی، کالاگەریی و گەندەڵی گەمارۆدراوە. لەو دۆخەدا ڕەخنەگر مەیلی گەڕان بە دوای دەنگی نوێ و دۆزینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی لە دەستداوە، خەیاڵ و ئەندێشەی بە جۆرێک گۆج بووە کە نەتوانێ بیر لە دەرچوون لەو دۆخە چەقگرتووە بکاتەوە. لەو ڕوانگەیەوە دوور لە مەبەستی تایبەتییەوە، ڕێگەمان بدەن بێژین، کە ئەمڕۆ ڕەخنەگری کوردی، وەک

سیاسەتوانی کورد، تەنیا لە ئاستی دروشمدا زارگەرمە بە کۆمەڵێک چەمکی وەک: (ئازادی)، (ڕەخنەگرتن)، (دیموکراسی)، (مەدەنی)، (خوێندنەوە)، (ڕاڤەکردن) و ئاماژە کردن بۆ تیۆرییەکان و... تاد، کەچی لە ئاستی کردەییدا لە بەهای ڕەخنەگرتندا دوورە، ئەو ڕەخنەگرە لە لایەک بە هۆی باڵادەستی ئەو چەمکانەوە، نائاگایانە وابەستەی چەمکگەلێک و دروشمی ڕەخنەگرتنە، کەچی وەک ژیان ناتوانێ لە هەمبەر دەق و نووسەردا ئەو پرینسیپ و مەرجانەی کە لە پشتەوەی ئەو چەمکانەوەیە بئەزموونێنێ، پیادە بکا. بەم جۆرە باسی (ڕەخنەی ئاوەزگەری) دەکا، کەچی لە ڕەخنەکەیدا سەبارەت بە دەقێک هەست و سۆز، لایەنگری، یان دژایەتی جڵەوی زمانی ڕادەکێشێ.

کەواتە بەشێک لە قەتیسمان، پاشاگەردانی لە زمان و نووسین و بێ کایەی ڕۆشنبیری کوردیدا، لەو دوو شێوە ڕەخنەگرتنەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە ئەو ڕەخنەیە، لە جیاتی ڕەخنەگرتن دابڕان لەو دۆخە چەقگیرە و دۆزینەوەی ئاسۆیە نوێیەکان، خەریکی قوولکردنەوەی دیاردەی پێڕگەرایی و بێ بەهاکردنی زمانی بیرکردنەوەیە. لە کاتێکدا ئەرکی ڕەخنە پێوانەیەکە بۆ هاوێرکردنی جوانی لە کرێتی؛ گۆشکردنە بە هزراندن و خەملاندنی بەهای بیرکردنەوە و هاوئاهەنگی دەق و زمان؛ هاندانە بۆ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی نادیارییەکانی ژیان و بەرهەمداری زمان.

لێرەوە مرۆ بڕێک جار لە بەرانبەر ئەو دوو ئاراستە دژە، پەسەندەرە چێژکوژ و بوغزاوییەی ڕەخنەی کوردیدا، شێواز و هەوڵی نووسەرانی سەدەی ڕابردووی، وەک: عەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح، شرۆڤەکانی ماڵباتی فاتیح عەبدولکەیم مودەڕیس لە شاعیرانی وەک نالی و مەحوی ، خوێندنەوە دانسقەکانی مەسعوود محەمەد لە بارەی نالی و حاجی قادری کۆیی و نووسەرە هاووێنەکانی ئەوانەی بە یاد دێتەوە. ئەو نووسەرانە لە هەوڵە ڕەخنەییەکانیاندا بە جۆشێکەوە دەق و بابەتگەلێکی مێژوویی و ئەدەبییان هەڵدەسەنگاند کە چێژیان بە خوێنەر دەبەخشی و ئاستی زانیاریشی لەمەڕ ئەو بابەتانەوە بەرز دەکردەوە. بە کورتی ئەو نووسەرانە بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکانیانەوە خوێنەریان بە پێڕگەری، دەروێشگەری، شارگەری و... تاد فرچک نەدەدا. وەلێ هاوکاتیش ناکرێ ڕوانگەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکانی ئەوان، لەگەڵ خواست و پێداویستییەکانی ئێستای ڕەخنەسازیدا بەراورد بکەین، چونکە لەو قۆناغەدا ئەرکی ئەو نووسەرانە، وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئەدەبی و خوێنەر بووە. هەروەک وێڕای ڕەچاوکردنی ڕۆژگار و بێلایەنییەوە، لە ئاستی جوانناسیدا زۆرێک لەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەی ئەوان بۆ ئەوکات و ئێستاش جوانناسی خۆیان هەیە، بۆیە ئەرکی ڕەخنەگری ئەمڕۆ ئەوەیە، کە ئەو ئەزموونە ڕەخنەیی و ڕۆشنبیرییانەی ڕابردوو تەتەڵە بکا، دیوە هەڵەکانی لەگەڵ دیوە جوانەکانی هاوێر بکا و لەگەڵ تیۆرییە نوێیەکانی ئێستا بیخەملێنێت، تاکو ئەو ئەزموونانەی ڕابردوو ببنە وزە و بەهایەک بۆ ئەرکەکانی ڕەخنەسازی ئەمڕۆ و داهاتوومان.

مرۆ دوای ئەزموونی ئەو نەوەی پێشوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە ئەو نەوەی ئێستایە بە ڕوانگەیەکی سیستەماتیکی و دیسپلینێکی تۆکمەتر، تیۆری و مێتودی بزاو، چڕ و خەملیو دەقی ئێستایان بخوێندبایەوە، واتا بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی زمان و ئەدەبی کوردییەوە، پشتێنە و ناوکۆیی ئەو تیۆر و میتۆدانەی کە لە ڕۆژئاواوە دەیانگوازێتەوە شرۆڤە بکا و بیانکوردێنێ. کەواتە ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە کە بە دەست پێوەگرتنەوە وردبینانە و دوور لە پاشکۆیی، یان ڕقی کەسێتییەوە پەیامی دەق بە خوێنەر ڕابگەیەنێ، چونکە وەک چۆن ڕەخنەگر بە پەسندانێکی بێتام، کاریگەری لەسەر مێشک و چێژی خوێنەر بەجێ دێڵێ، هاوکاتیش نووسینێکی ڕقهەڵگر و دوژێنیش هەمان کار ئەنجام دەدا. ئاکامی ئەو دوو شێوە ڕەخنەیە، بەرهەمهێنانی پەروەردەیەکی گەندەڵانەی نەوەی ئێستا و سازکردنی نووسەری تاکڕۆ و پیرۆزاندنی نووسەرە لە شێوەی دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتدا. کەواتە ئەو ڕەوتارە جەڵەبی و بەرتیلخۆرەی ڕەخنەگری کورد، هەروەک زۆرینەی ڕێکخراوە بەناو (مەدەنی)یەکان، دەرهاوێشتە، یان منداڵی ئەو دۆخە گەندەڵێنراوەی ژیانی سیاسیمانە کە حزبی کوردی سازاندوویەتی. لە ئاکامی ئەمەشدا، ئەمڕۆ لە کوردستاندا نووسین بە هەموو لکەکانیانەوە، وەک ئاکاری باڵا، بەهایە نیشتمانییەکان، ئەڤین، دۆستایەتیی و... تاد، بەرەو هەڵدێرانێکی خەمهێنەر دەچن و ئەو

ڕەخنەگر و نووسەرە پێڕگرانەش، وەک بەرپرس و بازرگانە پێڕگرەکان، لەبەر مەستبوونیان بە زیاتر و زیاتر پارە وەرگرتن و نووسینی ڕەخنە بە ڕاداندراوەکەیان لە لایەن سەرۆک پێڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکان و کۆکردنەوەی کۆی شیعرەکانی و بۆ چەند بارە چاپکردنەوەیان، ئاگای لە هەڵدێرانی ئەو بەهایە ڕۆشنبیری و جڤاکییانە نەماوە، چونکە ئەو پێڕانە خۆیان بەشێکن لە بەرهەمهێنانی ئەو دۆخە داڕماوە.

بەم جۆرە کاتێک خوێنەرێکی وریا ئەو دوو شێوە ڕەخنە هزرکوژ و بەهاکوژە نووسەر پەرست و نووسەرداپڵۆسێنە دەخوێنێتەوە، دەبێ لە خۆی بپرسێ: ئاخۆ ئەو ڕەخنەگرە بە چاکی لەو دەقە، یان کتێبە گەیشتووە کە باسی چی دەکا؟ گەلۆ ئەو ڕەخنەیە لە دەقەکەیە، یان هەستی نەخۆشی ڕەخنەگرە لە نووسەری دەقەکە؟ بۆیە پێویستە خوێنەری وریا شەقێک لەو دوو شێوە ڕەخنەگرییە هەڵبدا و دوای ئەوەی خۆی ئەو دەقە، یان کتێبە بخوێنێتەوە و دواجار بە خۆی هەڵیسەنگێنێ نەک ببێتە کۆیلەی ئەو ڕەخنەگرە.

لەو ڕوانگەیەوە، بە پێچەوانەی وێنەی ئەو ڕەخنەگرە پێڕگرە، ئەرکی ڕەخنەگرێکی دڵسۆز ئەوەیە کە بە شێوەیەکی هێور، بە دوای مەبەستی ئەو دەقە، یان کتێبەدا شۆڕ بێتەوە. کاتێک ڕەخنەگر دەقێکی شیعری، یان ئەدەبی دەخوێنێتەوە، دەبێ وەک ئەزموونێکی سەربەخۆ، بێلایەنگرییەکی سۆزئامێز هەڵیسەنگێنێ، نەک وەک ئەوەی ئێستا لە بواری ڕەخنەسازی کوردیدا بووەتە مۆدە کە ڕەخنەگر، بێ ئەوەی شارەزاییەکی پێویستی لەو تیۆر و ڕێبازە ڕەخنەییانەوە هەبێت، بە هانکە هانکەوە دەقێکی شیعری، یان ئەدەبی و هونەری دەخاتە بەر ڕەحمەتی تیۆرییەکەوە، کە بە لینگاوقووچی لە دەستی سێیەم و چوارەمی وەریگرتووە، یان بە لاساییکردنەوەی ڕەخنەی نووسەرگەلێکی عەرەبی و فارسی، یان بە قرتاندنی چەند دێرێکی وەک دریدا، ڕۆلان بارت، فرۆید و... لە کتێبێکی فارسی، یان عەرەبییەوە بەر دەبێتە گیانی دەقێکەوە و لە قالبی دەدا، کە ڕاستییەکەی ڕەنگە دەقەکەش فری بەو تێگەیشتنانەوە نەبێت، هەڵگری خەمێکی دیکە بێت. کێشەی ئەو ڕەخنەگرەی کورد ئەوەیە کە لە شێوەی بەراداندنی جلوبەرگدا دەقێکی هاوڕێیەکەی لە ڕوانگەی ئەو فەیلەسووف و ڕەخنەگرانەوە هەڵدەسەنگێنێ، سەرنج لەوە نادا کە ڕەنگە تیۆرییەکانی ئەو فەیلەسووفانە، نەک هەر لەگەڵ ناوکۆیی ئەو دەقە کوردییانەوە نەسازێن، بەڵکو ڕەنگە لەگەڵ یەکتریشدا جیاواز بن. دواجار خوێنەر کە ئەو تەرزە ڕەخنە جەڵەبییە دەخوێنێتەوە نەک هەر لەو دەقە نزیک نابێتەوە، بەڵکو وای لێدەکا کە نووسەر و دەقەکەشی لەبەرچاو بکەوێت. من خۆم یەکێکم لەو خوێنەرانەی کە هەمیشە دوعای خێر بۆ ئەو چەشنە ڕەخنەگر و خوێنەرانەی ئەو دەکەم. بەم جۆرە بە هەرمێن بوونی ئەو چەشنە ڕەخنەیە چێژی خوێنەر و کتێبیش دەشێوێنێ. (هەڵبەت هەمیشە ئەو ڕەخنە ژیاندۆست و مەیلەو هیدڵی، جیددییانەمان ڕەچاوە کردووە کە ناشکرێ هەمیشە ئەوە جەخت بکەینەوە).

لەو ڕوانگەیەوە دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە ڕەخنەی ئەدەبی لە گشت وڵاتاندا هاوچەشن نین. مرۆ ئەگەر بۆ نموونە سەیری ڕەخنەی سوێدی بکا، (کە من بە هۆی جێنیشین بوونم لەو وڵاتەدا، کەم تا زۆر ئاگام لێیە)، بە ئاسانی ئەو جیاوازییە دەبینێت. مرۆ لێرە لە سوێددا، دەتوانێ بە شێوەیەکی گشتی بێژێ، کە ڕەخنەسازی سوێدی لە ڕوانگەلێکی تیۆرییەوە دەقی ئەدەبی و هونەری دەخوێنێتەوە، کە ئەو نەریتەش لە سوێددا پشتێنەیەکی دووری هەیە بە کورتی لە سوێددا شتێکی ئاشکرایە کە ئەوانەی ڕەخنەگرن، زۆربەیان، خاوەن کارنامەی فەلسەفە، زانستی ئەدەب، مێژووی هزر و... تاد. لە زانستگایەکاندا. هەر ئەو چەشنە ڕەخنەگرەشن کە لە بەشی کولتووری ڕۆژنامە ناسراو و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا ئیشیان ڕانان و ڕەخنەگرتن، ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبییە. هەڵبەتە لە بواری هونەریشدا هەر وایە. بەم جۆرە کاتێک ئەو ڕەخنەگرە لە بەشە کولتوورییەکاندا کتێبێک دەناسێنێ، لای خوێنەر ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم، کە ڕەخنەگری سوێدیش گرفتی خۆی هەیە کە من لێرەدا باسکردنی بە پێویست نازانم. لێ بۆ نموونە زۆر جار ئەوەندەی ناوی ڕەخنەگر لای خوێنەری سوێدی گرینگە، خودی کتێبەکە هێندە گرینگ نییە. بەم جۆرە ڕەخنەگر بووەتە دادوەرێکی باڵادەست کە لای خوێنەر ناوی ئەو لە کتێب و نووسەرەکەش زاڵتر بێ. هاوکاتیش ئەگەر ڕەخنەگرێکی پسپۆڕ و بەرهەمدار لەسەر کتێبێک بنووسێ، ئیتر کتێبەکەی ئەو نووسەرە بازاڕی بە

هەرمێن دەبێ. لە هەمان کاتدا دەیان کتێبی باش بڵاودەبێتەوە، لێ لەبەر هۆگەلێک، وەک چاپخانەیەکی نەناسراو، لە ئاستێکی دیاریکراودا دەناسێنرێت.

کەچی لە بواری ڕەخنەسازی کوردیدا، دیاردەیەکی عەنتیکەمان هەیە: ئەمڕۆ ئەوەی لە بواری ڕەخنەسازی کوردیدا مانای نەبێت، ئەوانەن کە لە زانستگایەکانی کوردستاندا ئەدەب و بەشەکانی دیکەی ڕۆشنبیرییان خوێندووە، بۆیە ڕەخنەگری کوردی بریتین لەوانە کە بە هۆی هاوڕێیاتی، باڵادەست بوونیان لەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن حزبەوە پشتیوانییەکی ئابووری و کار ئاسانییەکی زۆریان بۆ دەکرێت، یان ئەو نووسەرانەی کە زارقەڵەباڵغن لە چەمکە باوەکانی ئێستا، کە زۆربەیان لە ڕێگای عارەبی و فارسییەوە لاسایی مۆدەکانی ڕەخنەی فەرەنسی دەکەنەوە. بەشێکیان چەند کەسێکی ناو ئەو پێرانانەن کە بە هۆی توانای ئابووری و دەسەڵاتدارییەوە خۆیان کردووەتە موختاری ڕەخنەی کوردی. کێشە لەوەدایە، بێ ئەوەی ئەو ڕەخنەگرەمان بیری لەوە کردبێتەوە کە بۆ نموونە، بزاڤگەلێکی وەک: دادایزم، سوریالیزم، یان سیمەنتیک، واتاسازی لە زماندا، فینۆمینۆلۆگی، مەرگی نووسەر، دەقئاوێزانی/ئینتەرتێکستوالێت، هەڵوەشاندنەوەگەری، هەرمێنتیک و ... تاد، پێوەندی بە تایبەتمەندی فەلسەفەی نەریتی ڕۆشنبیریی فەرەنسیی لە بواری زمان و بگرە فەلسەفەی (کۆنتینێنتال - ئەڵمانی و فەرەنسی)، کە ئاراستەیەکی جیاوازە لە فەلسەفەی (ئەنگلۆساستیک)ەوە هەیە، کەچی ئەو ڕەخنەگرە، بێ شیکردنەوە و ورپاکردنەوەی خۆی و خوێنەر لەو ڕەهەندانە، لە ئاستێکی لاساییکردنەوە، نەک بەشداریکردن و خەمڵاندندا، سەرگەرمە بەو بزاڤە ڕەخنەییانەوە. هەرچەندە زۆرێک لەو چەمک و ئاراستە ڕەخنەییانە لە خودی فەرەنسیشدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، لک و پۆی دیکەیان لێ زاوە، کەچی ئەو ڕەخنەگرە پێرگەرمە هەتا ئەوکاتەی مۆدەیەکی دیکەی ڕەخنە لە عارەبی و فارسییەوە بەسەردا دەسەپێنرێ، کە ڕەنگە ئەو مۆدەیەش لە سەرچاوەکەیدا بەسەرچوو بێت، وەک چەشنە بروایەکی ئایینی، دەستبەرداری ئەو چەشنە ڕەخنە نیوەچڵە نابێت.

دیارە ئەوە مانای ئەوە نییە، کە ڕەخنەگر دەبێ دەرچووی زانستگا بێت، لێ ڕاستییەکەی ئەگەر ڕەخنەگرێک بە شێوەیەکی سیستماتیکی، ئەکادیمی ئەو تیۆرییانەی نەخوێند بێت، مەحاڵە بتوانێ بە شێوەیەکی دروست و قووڵ لەو چەمک و تیۆرییە ڕۆژئاواییانە تێبگا. ڕەخنەگرێک ئەوکاتە دەتوانێ بە وردی لەو چەمک و تیۆرییە ڕەخنەییانە شارەزا بێت، کە بە باشی زمانێکی ئەورووپی بزانێ، هاوکاتیش، بۆ نموونە کە لە ڕوانگەی ڕەخنەی فەرەنسییەوە دەقی کوردی دەخوێنێتەوە، دەبێ شارەزاییەکی کەم تا زۆری لەو زمانەدا هەبێت.

جێگەی سەرنجە، بۆ نموونە لە سوێددا ئەوانەی کە لە گۆڤارە تیۆرییە هونەری و ئەدەبییەکاندا ڕەخنەگرن، زۆرینەیان ئاستی خوێندنیان لە ماجستەر کەمتر نییە، هەر بۆیە ئاسان نییە کە نوسینی ڕەخنەگرێک لەسەر تیۆرییەک، یان چەمکێکی ڕەخنەسازی بڵاوبکەنەوە، کە لەو بوارەدا پسپۆڕ نییە، بەڵام لە بواری ڕەخنەسازی کوردیدا، ڕەخنەگر ئەوەیە کە بە زمانی عارەبی و فارسی چەند وتارێکی، بۆ نموونە، لەسەر چەمکێکی ڕەخنەیی فەرەنسی خوێندووەتەوە، دوای ئەوە هەوڵ دەدا ئەو مۆدیلە لەسەر دەقێکی کوردیش پیادە بکا. دەکرێ هەندێک لەو ڕەخنەگرانە هەوڵی باشیان دابێت، بۆیە نابێ ئەو هەوڵانە فەرامۆش بکەین. لێ ناساندنی ئەو ڕەخنەگرە، وەک دەمڕاستی ڕەخنەی کوردی، بۆ نموونە کردنیان بە دادوەری لێکۆڵینەوە و بڕیاردەری دەقی (باش) و (خراپ) لە (فیستیڤاڵ) و ئەو چالاکییە مینا ئاهەنگ/پرسەنامانەی ئەمڕۆی باشووری کوردستاندا، پێویستی بە هەڵوەستەکردن هەیە. چونکە ئەو ئەرکە، وەک هەر ئەرکێکی دیکەی لەو تەرزە، کارامەیی زانستی، ڕۆشنبیرییەکی ڕسکاو، ئاکاری بێلایەنی، ویژدان و ... تاد، گەرەکە. هاوکاتیش ئەو ڕەخنەگرە، بەو زمانە فارسییەی کە لە ڕێگای (فەرهەنگی عمید، یان منجد الطلاب)، بە هۆی شەیدا بوون بە دەنگی (داریۆش، یان کازم ساهیر) و خوێندنەوەی شیعرەکانی (فروغ و سپێهری)یەوە فێری بووە، ناتوانێ بە وردی ئەو چەمک و تیۆرییە ڕەخنەییە بیانییانە تێبگا و ڕاڤەیان بکا.

بەم جۆرە هەروەک پێشتر، زۆرینەی ڕەخنەگرەکانی حەفتا و هەشتاکان لە ڕوانگەی (ڕیالیزمی

سۆسیالیستی)یەوە، (پاڵەوان و ترسنۆک)، (شۆڕشگێڕ و خائین) و...، هەموو دەقێکی ئەدەبیی و هونەرییان هەڵدەسەنگاند. جا ئەگەر ئەو دەقانە پێوەندیشیان بەو خەسڵەتانەش نەبووایە، دواجار هەتا بلۆکی سۆڤییەت ئاوا نەبوو، ئەو ڕەخنەگەرە لەو (ڕیالیزمی سۆسیالیستی)یە ماڵئاوایی نەکرد. مخابن گشت ئەو بەزمانەش بە ڕێگای شارەزاییەکی کرچ و کاڵ لە زمانی عارەبی و فارسییەوە وەردەگرین، ئەوجا دێین بە منەتەوە دەقی ئەدەبیان پێوە لە قەپان دەدەین. دواجاریش وەک پرۆسەیەک هەمیشە نەوەکانی دوای خۆمان بەو دیاردە ڕۆشنبیرییە نیوەچڵانەوە گۆش دەکەین.

ئەو دیاردەیەش یەکێکە لەو هۆکردە سەرەکییانەی کە وایکردووە ڕەخنەی کوردی لە ئاستی پێڕبازیدا، قەتیس بمێنێت. هەر بۆیە ئێستا دەبینین کۆمەڵێک لەو تاقمە ڕەخنەگر و شاعیرە، وەکی پێڕێکی قومارباز، یان (سێکت)گەلێک لە بەشی (ئەدەب و هونەر)، یان بەشی (ڕۆشنبیریی) ڕۆژنامە حزبی و (سەربەخۆ)یەکاندا، یان لە گۆڤارە دەڤەری و شارەکاندا کۆببنەوە و ڕۆژانە خەریکی پیاهەڵدان، وێناکردنی (داهێنان)ی بێ وێنەی یەکتر بن، یان بێ بەهاکردنی پێڕە دژەکەی خۆیان بن. جێگەی سەرنجە کە پێوەندییە پێڕگرییەکانی ئەو ڕەخنەگر و ئەدیبە لێکجودایانە لەگەڵ یەکتردا دابڕاو و قەتیسماون. لە ئاکامی ئەوەشدا لە هەر یەک لەو شارانە و ناو ئەو شارانەشدا، هەر کۆمەڵە شاعیر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێک وەک یەکتر بنووسن. لێرەوە ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو دوو سێ شارەن، لە گوند و شارۆچکەکاندا دەژین، یان لە کوردستاندا نین ناچارن لە خەمی ئەوەدا بن کە چۆن یەکێک لەو پێڕانە، یان بڵاوکراوە ڕۆشنبیرییە مینا قومارخانانە پێکیان بکەن، بینە هاوپێڕیان، تاکو جارێک دەقێکیان بۆ بڵاوبکەنەوە، بانگهێشتی (فیستیڤاڵ)ێک بکرێن، (خەڵات)ێکیان بەرکەوێ. بەم جۆرە ئەگەر نووسەرێکی لاتەریک، یان (نەناسراو) خولیای ئەو پێڕبازی و وابەستەبوونەی بەو ناوەندە ڕۆشنبیریانەی نەبوو، ئیتر نە کەس کتێبێکی بۆ چاپ دەکا، نە بانگهێشتی بەزمی (فیستیڤاڵ)ەکان دەکرێ. بە کورتی خوێنتاڵ دەکرێ و دواجاریش، یان دەبێ واز لە نووسین بێنێ، یانیش لە چاوەڕوانی گۆدۆی ڕەخنەگر و بڵاوکراوەکاندا بژی.

جێگەی سەرنجە، هەر پێڕە و بە یاری خۆی هەڵدەڵێ، هەر پێڕە و بە شێوازێکی نووسینەوە ئاوێزانە: تاقمێک لەوانە سەرگەرمن بە (مۆبایلە شیعر)، ئەوی تر مەستە بە نووسینی شیعری (ئاشقانە – سێکسی)، کە بێبەرین لە چێژ و بەهاکەشی، یەکێکی تر کە گوایە دوا نوێگەرە، بە شیعر و ڕۆمانی (فەنتازیا) و (حیکایەتاندنی زمان) سەرگەرمە... تاد. لێرەوە ئەگەر تۆی خوێنەر و نووسەر هاوڕێ و وابەستەی ئەو پێڕگرییەی ئەو ئەدیب و ڕەخنەگرانە نەبیت، ئیتر وەک چۆن لە بواری ئیشکردندا ئەگەر (واسیتە)یەکی باشت لە ئاستی حزبیدا نەبێ، کەسوکارت دەسەڵاتدار نەبێت، نەک هەر هەوڵدەدەن لە لاپەڕە (ڕۆشنبیری) و (فیستیڤاڵ)ەکانیان پەراوێزت بکەن، بەڵکو بێزیشت لە کردەی نووسین و ڕۆشنبیریش ببێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە، بواری ڕۆشنبیریش وەک بوارە حزبێنراوەکانی کوردستان: (ئیش و کار)، (تەقاویت)، (شەهیدانە)، (زەوی و خانوو وەرگرتن) و... تاد، بە مۆدەی بەرتیلخۆریی، واسیتەکاریی، واتا پێڕبازییەوە تەنراوەتەوە. کەواتە ئەگەر تۆی نووسەر و شاعیر بێ کەس بیت، هاوپێڕی ئەو ڕەخنەگر و نووسەرە باڵادەستانەی بواری ڕۆشنبیری نەبیت، ئیتر هاووڵاتییەکی سەر بەو زمانە نیت، هەر خزمەتێکت کردبێت، دەیان کتێبیشت بۆ کوردی وەرگێڕا بێت و داتهێنابێت، ئەگەر کتێبێکی فەلسەفی وەک (کۆمار)ەکەی پلاتۆ، یان (وەرزێک لە دۆژ)ەکەی ئارتۆر ڕامبۆش بنووسی، فەرامۆش دەکرێی.

کێشەش لەوەدایە ئەو ڕەخنەگرە وەرزشکارە بە وشە و سەرمەستە بە چەمکبازییە، هاوکاتیش ئاکار ئێلی و زمان خەسێنە، پێچەوانەی ڕەخنەگرە نەریتگر و ڕووخێنەرەکە، لە بری ئەوەی بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و خەملیو و بوێرانەوە کتێبەکانی پێڕەکەیان پێ بناسێنێ، کە زۆر جار ئەو جۆرە ڕەخنانە، سەرۆکی بەشی ڕۆژنامە (ڕۆشنبیری)یەکان بەڕادانیان داون، کەچی سەرەتا بە پێشەکییەکی فرەگۆ و وڕێنە ئاسا دەست پێدەکا و وێجا بە زمانێکی لەچکدار و فەلسەفێنراو دێتە سەر دەقەکە. دواجار کە خوێنەر بە ناچاری تەواو دەبێت، نازانێ لە کوێوە بچێتە ناو دەقەکەوە، لە دەقەکە تێبگا و لە کام کون و دەرگای ئەو زمانە ڕەخنەییە قۆقزەشەوە دەرباز بێت، بۆیە زۆر جار خوێنەر کە ئەو (ڕەخنە)،

(خوێندنەوە) کۆکتێلانە دەخوێنێتەوە، هەست دەکا کە ڕەخنەگر کۆمەڵێ دەستەواژە و قسە نمایش دەکا کە کەم و زۆر پێوەندی بە دەقەکەوە نییە، هەر یەکە و بە ئاوازێک هەڵدەپەڕن. بە دیوێکی دیکەشەوە، بە جۆرێک بەسەر ئەو کتێبە و نووسەرە هاوڕێیەکەیدا هەڵدەڵێ، کە مرۆ نەتوانێ ئەو ڕەخنەیە بە ڕەخنە ناس بکا. هەروەک ڕووە پێچەوانەکەی ئەو ڕەخنەیە، کوشتەی هەمان ڕەوتارە.

هەر بۆیە لەو پرۆسەیەدا بەهای ئەدەب و ڕەخنەگریش لە کن دەسەڵات و هاوولاتیانی خاکیدا، نەک هەر ڕەنگدانەوەیەکی نییە، بەڵکو بە سووکیش سەیر دەکرێ.

بە کورتی، هەروەک ئێمە لە وتاری (مەسعوود محەمەد؛ ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرێکی خۆکرد) ئاماژەمان پێکردبوو، کە دۆخی ڕۆشنبیری و ئەدەبیشمان، وەک دۆخی سیاسی و بەرپرسیارانمان، کوشتەی پێڕبازی و بە هەرمێنکردنی بەهای بەرتیلخۆری و قۆرخکردنی بواری ڕۆشنبیری و داهێنانی گەندەڵییە.

ئاشکرایە کە ئەو ڕەخنەگر و ئەدیبە یەکتر تەواوکەرە، کە وەک پێرگەراییەک، هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیرییان قۆرخ کردووە. ئەوانەش وەک پیشەی بەرپرسە حزبییەکان، بە کەیفی خۆیان سامانی هاوولاتیان بە لێشاو بۆ چەند بارە چاپ کردنەوەی کتێبە مردۆخەکانیان تالان کردووە. هەروەک سالانە بە گۆترە لەسەر حیسابی ژیانی ئازاراوی دانیشتوانی کەرکووک، دەڤەرە بە عارەبکراوەکان و جەستەی شەکەتی هەڵەبجە و ئەنفالکراوەکانی گەرمیان، پارە بۆ داوەتکردنی دەیان نووسەری عارەب و فارس بە فیڕۆ دەدەن، تاکو لە دوای (فیستیڤاڵە)کانیانەوە وەک چەشنە سوالکردنێک، ناچاریان بکەن بە چەند نووسەرێکی پیرۆزێنراوی حزبەکانیان، یان هاوپێڕەکانیان هەڵبلێن.

مایەی سەرنجە، لەو ماوەیەدا ڕەخنەیەکی جینگز ئاکارم لەسەر نووسینی چەند قسەی نووسەرێکی عارەب خوێندەوە، کە وەک پێشەکییەک بۆ شاعیرێکی کوردی نووسیوە، بە کورتی ئەو نووسەرە دەخوازێ پێمان بڵێ کە ئەو شاعیرە عەرەبە بێئاگایە لە شیعرە باشەکانی کوردی، بۆیە ئەو شاعیرە کوردە (ناگرینگ)ەی پەسنداوە. لێرەوە مرۆ هەست دەکا کە ئەو ناڕەحەتی و جینگزییەی (ڕەخنەگر) لەو شاعیرە کوردەی کە ئەو شاعیرە عەرەبە لەسەری نووسیوە، لەبەر ئەوە نییە کە شیعرەکانی (باش) نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە خۆشی ناوێ؛ هاوپێڕ نین. لە کاتێکدا ئەو شاعیر و ڕەخنەگرە عەرەبە سالانە بۆ (فیستیڤاڵ)ەکان بانگ دەکرێ و شیعر و دەقە ڕەخنەییەکانی کراون بە کوردی و چاپیش کراون ، ئەمەش تاکو ڕۆژێک دڵی نەرم بێت و لەسەر ئەو شاعیرە ئەدیبە (مەزن)انە بنووسێ، کە نموونەی ئەو ڕەخنەگرە تووڕەیەی کە باسمان کرد، بە داهێنەری (ڕاستەقینە)ی شیعری کوردیان دەزانێت.

لەوەش بترازێین، خەمی سەرەکی سەرنووسەرانی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبیانە خودی گەشەدان بە ئەدەبی کوردی و ناساندنی ڕۆشنبیری کوردی نییە بە زمانی بیانییەوە، بەڵکو خەمی گەورەکردن و پیرۆزاندنی چەند شاعیرێک و ئەو بەرپرسە حزبیانەن کە بوونەتە (پسپۆڕ)ی بواری فەلسەفی، ئەدەبی، تیۆری، سیاسی و جڤاکییەکان، هەر بۆیە بودجەی تایبەتیان بۆ وەرگێڕان و ناساندنی خۆیان و وەرگێڕانی هاوپێڕەکانیان تەرخان کردووە کە گوایە بە وەرگێڕانی ئەو دەقانەوە، ئەدەبی کوردی دەبێتە جیهانی. هاوکاتیش ئەو بلاوکراوە (ڕۆشنبیری)یانە کە وەک پەراوێزێکی ئەو چەند شاعیر و (تاکە داهێنەر)انە، باسی ئەم نووسەر و ئەو شاعیرانەی دیکە دەکەن، تەنیا بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانە، یان تەنیا درووشمبازی و پۆشینی دەمامکی سەربەخۆیی و چەواشەکارییە. بە واتایەکی دیکە: بە ئاپۆڕەکردنی پێرگەرییە، ئەگینا لە چەند نووسەری دیاری کراو بترازێ، نووسەری دیکەیان بۆ گرینگ نییە. کەواتە ڕەخنەگر و ڕەخنە لێگیراوەکان لە وێنایە پێرگەرییەکەیدا، وەک وێنای پێرگەری لە بواری حزبیدا، بە هەرمێنکردنی گەندەڵاندنی ژیانی ڕۆشنبیرییە، قووڵکردنەوەی ڕۆحی لێکترازاندن، هەستی خێڵەکی و دەڤەر پەرستییە؛ فەرامۆشکردنی ئەرکی هزرکردنە. لە کاتێکدا دەبوو بواری ڕۆشنبیریمان بە پێچەوانەی بواری سیاسیمان، لە خەمی ئەوە بێت کە ئەو دۆخە گەندەڵییەی سیاسی گەمارۆ بدا، کەچی مخابن دەسەڵاتی سیاسەتی گەندەڵی توانی دیاردەیەکی ڕۆشنبیری لە وێنەی خۆی بەرهەم بێنێ و بەمەش زۆرینەی نووسەر بەرەو ئەو ئاراستەیە جڵەو بکا، تاکو هەمیشە ڕەوایەتی گەندەڵی خۆی بە ڕێگای ئەو نووسەرانەوە دەستەبەر بکا.

بەهەمە حاڵ، ڕەخنەگری ئەمڕۆی کورد وا دەزانێ کە

ئەگەر لەو ڕوانگانەی کە بوونەتە مۆدە ڕەخنە لە دەقێک نەگرێ، کەواتە نابێتە نوێگەر و مەعلان. لە کاتێکدا ڕەخنەگرێکی چاک و وردبین مەرج نییە تەنیا بەو ڕوانگە بەهەرمێنانەی ئەمڕۆوە نوێگەر بێت، بەڵکو دەتوانێ لە ڕوانگەی خۆیەوە جوانترین ڕەخنە، یان خوێندنەوە لەسەر دەقێک بنووسێ. بە کورتی کێشەی ڕەخنەگری کوردی دوێنێ و ئەمڕۆ بە گشتی لەسەر (ڕێسێپت)، ڕێنمایی و قالبێکی حازربەدەستدا، دەق بپێوێ. هەر بۆیە وەک پێشتر ئاماژەمان کردبوو ئەرکی ڕەخنەگر لە حەفتا و هەشتاکاندا، پیاهەڵدان و گەورەکردنی چەند نووسەر و شاعیرێکی سەر بە ڕێبازی (ڕیالیزمی سۆسیالیستی) بوو. ئەو ڕەخنەگرە چیرۆکنووس و شاعیری کوردی ناچار دەکرد کە هاوشێوەی ئەوانە بنووسن. هاوکاتیش ئەگەر هەر دەقێک لە دەرەوەی ئەو قالبە مینا خشتبرییە، (ڕیالیزمی سۆسیالیستی)یە نەبووایە، ئەوە بە دەقێکی (بۆرژوازی) و دژە (هەژاران) لە قالب دەدرا و لەبەر چاوی خوێنەردا خوێنتاڵ دەکرا. هاوکاتیش ڕەخنەگری ئەوکات ئیشی ئەوە بوو کە قسە لەسەر (شێوە و نێوەرۆک)، (شۆڕشگێڕی و شۆڕشی کرێکاران)، (خەونی سۆسیالیزم) و ... بکا.

پاشان ڕەخنەگرانی دوای نەوەدەکان، کە بریتین لە خودی سیاسی، شاعیر، ڕۆماننووس... ئێمەیان فێری مۆدەیەکی دیکە کردووە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر تۆ بخوازی ببیتە چیرۆکنووس، ڕۆماننووس و شاعیرێکی بە هەرمێن، دەبێ بۆ نموونە، وەک گارسیا مارکیز، سەلمان ڕوشدی، بۆرخیس، کافکا، ئەدۆنیس، سوهراب سپێهری، فروغی فروخزاد و... بنووسی، بۆیە ئیتر زۆرینەی ڕۆمان، چیرۆک، شیعری ئەو قۆناغەی ئێمە بریتین لە کۆپیکردن و لاساییکردنەوەی ئەو تەرزە شاعیر و ئەدیبانە. ئەو شێوازەش بریتییە لەوەی کە ئەو دەقە دەبێ تژی بێت لە (خەیاڵبازی)، (ئەفساندنی واقیع)، (زمانی شیعرییەت)، (ئەشقبازی) و... جا ئەو مۆدەیەش، هەتا گەردەلوولێک لە زمانی باڵادەستانەوە مۆدەیەکی دیکەمان بۆ نەهێنێ، بازاڕی گەرمە. بە کورتی ڕەخنەگری ئێمە وەک مامۆستایەکانمان، خەریکی ئەوەن کە نووسەر لە بچمی خۆیاندا بسازێنن.

لێرەدا بۆ ئەوەی سادەتر ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوتارە خەمهێنەرەی ڕەخنەگر و ڕەوشە داهێزراوە ڕۆشنبیرییەی کورد تێبگەین، ئاماژە بە شاگردێکی عەنتیکەی ئەو پێرگەراییەی ڕەخنەگر و ئەدیبان دەکەین. جارێکیان یەکێک لەو ئەدەبیە لاوانەی کە کە شاگردی ئەو دیاردە ناوبراوەیە و لە وڵاتێکی ڕۆژئاواییشدا دەژی، دەیویست بە تۆبزی منی نیشمەنی سوێد ڕازی بکا، کە شیعرەکانی یەکێک لەو ئەدیبانەی کەلای ئەوی کورد (داهێنەر)ی وای هەرگیز نەبووە و نابێت، دەقەکانیشی لە (جیهانی)یش جیهانیترن، ئێستا شیعرەکانی لە (مەنهەجی خوێندن)ی خوێندنگایەکانی سوێد دەخوێنرێن. ئەو دەیگوت، مامۆستا و خوێندکارانی سوێد گوتوویانە کە ئەو ئەدیبە کوردە لە (ئاستی خەڵاتی نۆبل)دایە. گوتم کاکە بە جۆرێک ئەو قسە جەڵەبیانە پێوەنێ کە مرۆ لە جیاتی بێزکردنەوە لە خۆت و نووسین، بەزەیی بە خۆت و نووسین بێتەوە. هەر چۆنێک بێت، کێشە لەوەیە کە بێ سوودە تۆ ڕەخنە لەو وەهمە کوشندەی ئەو تەرزە نووسەر و خوێنەرە گۆترە بێژە و دەروێشە بگری، چونکە وەک پاشکۆیەکانی ئەو حزبانە، بە (ئیرەیی)، (نەخوێندەوار)؛ قسەگەلێکی حازربەدەست و حیکایەتێنراو تۆمەتبار دەکرێی. بێ لە گەمە، ئایا ئەوە نەگبەتی نییە، کە ئەو ڕەخنەگرە پێرگەرە سازاندوویەتی؟ ئاخۆ ئەو تەرزە شاگردە خودی ئەو نووسەرەی کە دەروێش ئاسا ئاوێزانییەتی، بێ بەها ناکا؟ گەلۆ ئەو پەروەردە ئیفلیجە بەرهەمهێنەری بیرکردنەوە، ئاوەزی ڕەخنەییە، یان بە کۆیلەکردنی ئاوەزی خوێنەر؟ گومان ئەرکی ڕەخنەگر و نووسەر هاندانی کۆخوێنەرە کە بیربکاتەوە خۆی سەروەری بڕیاردان بێت، فێری بکا بەرهەمهێن بێت. بەمەش کۆمەڵگا بەرەو دەستەبەر کردنی ژیانێکی بەختەوەر و بزۆک ڕێ بکا، نەک چەقین نەگۆڕی، کوشتنی ئاوەزی ڕەخنەیی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕۆحی پاشکۆیی و نەریتی باوکسالاری و پیرۆزکردنی تاکەکەسە باڵادەستەکان.

لەو ڕوانگەیەوە باسکردنی نەریتی فرچکدان و پەروەردەکردنی خوێنەر بە سەربەخۆیی و بەهای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرتن نەک ملکەچکردن لە بواری خوێندنگا و ڕۆشنبیریدا، بابەتێکی بەهادارە، لێ ئەمە ئەرکی ئەم وتارە نییە، بەو ئومێدەی لە داهاتوودا بە گوێرەی کات و توانامان، ئەو بابەتەش بەسەر بکەینەوە.

لێرەوە ڕەخنەگر ئەو کەسە نییە کە دەبێ لە ڕەخنەکەیدا

وتەگەلێک لەم و لەو نووسەرە بیانییە ناسراوانە نمایش بکا، بەڵکو ڕەخنەگر دەبێ هەڵگری خەسڵەتی پەروەردەی ئازادی، چێژی جوانناسییەکی بەرهەمهێن بێت، هانی خوێنەر بدا خۆی بهەزرێ. بە کورتی ڕەخنەگر دەبێ ڕۆشنگەرێکی مەیل وورووژێن و پەرۆشخۆر بێت. دەبێ شارەزای کارەکەی خۆی بێت، دەبێ پسپۆڕ بێت، مەبەستیش لەمە، تەنیا (دەرچووی زانکۆ) نییە، لێ مرۆ چۆن دەتوانێ لە پسپۆڕیش پسپۆڕتر بێت. بەڵێ، ئەو مرۆیە دەبێ لە خاوەن پیشەیەکی تەسکبین و باو، کاراتر و کارامەتر بێت. ئەوکاتە توانستی ڕەخنەگر و داهێنەر بەرجەستە دەبێتەوە، کە توانی سنوورە دیاریکراوەکانی ببەزێنێ. ڕەخنەگر دەبێ وەک دکتۆرێکی خاوەن ئێتیک و بە ویژدان ئەو نەخۆشە سەختەی کە لەبەر دەستیدایە بە قسەی هێور و ڕێزدار بیلاوێنێتەوە. بە هەمان شێوەش نووسەر کە بە گشتی کەسێکی هەستدارە، بۆیە دەبێ ڕەخنەگر ئەوەش لە زەین بگرێ. ڕەخنەگر دەبێ جوانناسانە، نەک بە پیاهەڵدانێکی تامسارد، یان دژایەتییەکی خوێنتاڵەوە، دەقێک هەڵسەنگێنێ. بەم جۆرە ئەگەر ڕەخنەگر بە شێوەیەکی هی دڵی (جددی)، دادپەروەر و ڕاستگۆیانە ڕەخنەکەی نووسی، ئەوکاتە هەم نووسەر و هەمیش خوێنەر سوودمەند دەبێ.

لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنەگری سەرڕاست، وەک نووسەر، خولیای هونەری خۆیەتی و بە ڕێگای ڕەخنەکانییەوە دەخوازێ بوونی خۆی دەرببڕێ. ڕەخنەگر پێویست ناکا لە ڕەخنەکانیدا بە زارقەڵەباڵغی کردن لە چەمکەکان، قسەی لە قوتووکراوەوە خوێنی خۆی تاڵ بکا و خوێنەر بێهوودە بکا. دیارە بوونی ڕەخنەگرێکی ئیدیالی لە زمانی کوردیدا، شتێکی ئاسان نییە. وەلێ لەو دۆخەدا دەبێ بەوەندە دڵخۆش بین کە دەمنادەم ڕەخنەیەکی باش، ئەو ڕەخنەی کە هەڵگری گەمەی جوانناسییەکی خەملیو و ڕۆچوونێکی کارایە بەناو دەقدا بخوێنینەوە. ئەو ڕەخنەگرە هەست و ویژدان فەرامۆش ناکا، کە ئەو لە بەرانبەر خوێنەردا بەرپرسیارە کە دادپەروەر و بە ئەمەک بێ، تاکو خوێنەر بڕوای پێ بکا. بەم جۆرە ڕەخنەگر دەبێتە ئەو بەرپرسیارە دڵسۆزەی کە لە ئەرکە ئەدەبییەکەیدا بەرتیلخۆری و گەندەڵی ڕەت دەکاتەوە. لێرەوە دەبێ ئێمەی خوێنەریش هانی گەشەکردنی ئەو چەشنە ڕەخنەگرە بدەین. تاکو بواری ئەدەبیشمان وەک بواری سیاسی دانەهزرێ و بە گەندەڵی ئەو نەوەیە گۆش نەکا.

بە دیوێکی دیکەش، هۆشیاری لەوەدایە کە خەڵکی گشتی خۆی فێری ئەوە بکا، دوور لە ناساندنە باش، یان خراپەکانی ئەو ڕەخنەگرە خاوەن (ڕێسێپت)، قاڵبە ئازادانە کتێبی باش بخوێنێتەوە.

لێ دواجار، ئاخۆ ئەوە قەدەری نووسەر و ڕەخنەگری کوردە، کە هەتا هەتایێ پاشکۆی ئەو مۆدە ئەدەبی و ڕەخنەییانە بێت، کە لە بە درەنگەوە لە عارەبی و فارسییەوە ئاوەز و ژیانمان دەتەننەوە. ئەرێ ئەوە قەدەری کوردە، بواری ڕۆشنبیریشمان وەک بواری سیاسی، پشت لە کۆمەڵگا و ئایندەوە خەریکی قۆرخکردنی سەکۆی ڕۆشنبیری، ڕەخنەی بەرتیلخۆری، دوژێن و پیاهەڵدەری؛ گەندەڵاندنی ژیانی زمان بێت.

**زستانی ٢٠٠٧**
**ستۆکهۆڵم**